# پاوانخواز

حسێن سەعیدی

ئامانجی من لە نووسینی ئەم کورتەباسە زیاتر لەسەر کۆمەڵگای کوردەوارییە و رچەی سەرەکی بەرەو دەسەڵاتی سیاسی کوردەواری دەشکێتەوە. هۆی سەرەکیش ئەو سەرلێشیواوییە بەرچاوەیە کە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی داگرتووە ، هەڵە لەسەرهەڵە ، لێکبڵاوبوون و لێکترازانی کۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی ، نەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی ، رەکەبەری و ململانی، تەسکی حیزبایەتی ، سەرشۆڕی و گوێ لە مستی رابەرانی هەنوکی کورد لەئاست دوژمنانی داگیرکەری کوردستان، چەواشەکردنی گەلانی کوردستان، گەندەڵی ، دزی و درۆ و دەلەسەی سەرانی گرووپ و ئەحزاب، سەرانی دەسەڵاتداری حکومەتی ، ئیدی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە مرووڤ کش ومات دەکا و ناهومێدی و تورەیی باڵی کێشاوە بەسەر هەموو مرووڤی نیشتمان پەروەری وڵاتێک کە ئاوێتەی خاک و خوێنە. ئەوەی دوژمنانی داگیرکەر بەهەمو دڕەندەیی خۆیان نەیانتوانی بەسەر خەڵکی کوردستانیدا بسەپێنن، رابەرانی سیاسی کورد لە هەر چوارپارچە بۆیان خوڵقاندن، ئەویش تۆی دووبەرەکی وتاراندنی رۆحی هاودەردی و یەکگرتووی گەلە. جاران خەمی هەرپارچەیەک خەمی هەموان بوو، سنووری دەسکرد دەبەزێندرا ، دەست ومەچەکی پڕ چەک بەرگری لەکەرامەت و سەروەری گەل ونیشتمان دەکرد . لەو کاتەوە کە مێژووی نووسراو باسی کوردی تێدایە ، باسی گەلێکی کۆڵنەدەر کراوە کە هەر بەمانای پڕ بەپێستی وشەکە، کۆڵنەدەر بووە. لە تەواوی ئەو بەرنگاربونەدا دەبەرانبەر دوژمنانی یکگرتوو، کورد هەمیشە تەنیا بووە ، بەڵام بە خوێن و قوربانی، کەرامەت و سەروەری خۆی وەک نەتەوە پاراستووە و ژاراوی ترسی خستووەتە دڵی داگیرکرانی وڵاتەکەی. قەت کورد ئەوەندە سووک و چرووک و بێ قیمەت نەبووە وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ئەویش نەک بەدست دوژمنان بەڵکو بەهۆی پاوانخوازی و گەندەڵی رابەرانی خۆی، تووشی ئەو هەموە سووکایەتییە هاتووە.

لە باشوور لە ١٧ شوباتەوە پاوانخۆازانی دەسەڵاتدار پەلاماری ئەو بەشەی کۆمەڵگا دەدەن کە تۆانایی نا گوتنیان هەیە. ئەوەی ئێستا لە باشوور رودەدات هەوڵی پاوانخۆازە بۆ راگرتنی دەسەڵاتی خۆی و شەڕێک بەڕێوەدەبا کە بەناو ئەنفال و مردن و خوێن، ئاواتی لەبار چووی ژومارەیەکی گەورەی هاووڵاتیانی ئێمەدا تێدەپەرێت.

سازمان و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەجیاتی ئەوەی خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕی چاوەڕوان کراو ئامادە کەن، وەک تووی هەرزن پەخش و بڵاو بوون . هۆکاری سەرەکیش ئەوە نییە کە لەسەر بۆچوونی جێاواز ئەم کارە دەکەن ، ئەوەی تا رادەیەک لە نزیکەوە بەشداری شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان بووبێ دەزانێ ئەم لێکبڵاوبوونانە پەیوەندیی بە قەناعەت و بۆچوونی تازە نییە ، ئەساسی هەموو ئەم نەکبەتییە دەگەڕێتەوە بۆپاوانخوازی و پاراستنی دەسەڵاتێکی چووک و بێ قیمەتی تاکە کەسە و ئەوی دیکە هەموی شێر و ڕێوییە بۆ چەواشەکردنی ئەندامان و ئەگەر بۆشیان رەخسا هەمو کۆمەڵ.

لەسەر پاوانخواز و پانوانخۆازی لێکدانەوە و شیکردنەوەی کەسایەتی ئەمجۆرە کەسانە باس و خواست زۆرە. ئامانجی سەرکی ئەم نووسراوە کورتە ئەوەیە کە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا وێنەیەکی ساکار بەڵام ئاشنا لە کەسایەتی ئەمجۆرە کەسانە پخاتە بەرچاوو .

*مرووڤی پاوانخواز بەگشتی مرووڤێکی وریا ، لەبەر دڵ و هەڵسوراوە بەشیوەیەکی کارا، تەواوی توانای خۆی وەگەڕ دەخا بۆ وەدەست هێنانی قودرەت و دەسەڵات . بۆ ئەم کارە هەمیشە ، بەردەوام بیر لە رەوش و پلانی تازە بۆ خۆسەپاندەن و راگرتنی هێزی خۆی دەکا .

* پاوانخواز بەدایم تامەزرۆی ئەوەیە کە دەنگ و رەنگی هەبێ و هەمو کەس باسیان بکەن، ئەوەش بەلای ئەوانەوە زۆر گرینگ نییە کە بەباشی باسیان بکەن یا بە خراپی، گرینگ ئەوەیە کە تەنیا باسیان بکرێ. پاوانخواز بەتایبەت لە کاری بەکۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی ئەگەر هەست بە وەلانان بکا و هەست بکا کە لە بازنەی دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە، توانایی هەیە وەکوو هەوری لە ناکاوی چلەی هاوین بگرمێنێ وسەرلێشێواوی و ئاژاوە بخوڵقێنێ کە بە قازانجی خۆی کەڵکی لێوەربگری و هیچ بەلایەوە گرینگ نییە کە خەلەوخرمان وەبەر لافاو کەوی و ئاو بیبا. ئەگر ئەم خەسارەتە ببێتە هۆی ئەوەی کە پاوانخواز لە بازنەی دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە بێ هیچ پاشگەزبونێک ئەوکارە دەکا.

* مرووڤی پاوانخواز موو لە ماست دەکێشێ، خۆی بەندەی بێ عێب دەزانی و چوکترین هەڵەی یاران و نەیاران ئێجگار گەورە دەکا. مرووڤی پاوانخواز بۆ ئەوەی بازنەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، بۆ ترساندنی یاران و نەیاران وەکوو چەکی دەستەویەخە بۆ مەیدانی شەڕ و گێژاوە. ئامانجی ئەوان بەیەکگەیاندن و پێکەوەبوون و دیالۆگ دەگەڵ بەرهەڵستکاران نییە. ئامانجی سەرەکی پاوانخواز لە هەر مشتومڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا ئەوەیە کە بەهەر جۆریک کە بۆی دەلوێ بەرهەڵستکار و نەیاری خۆی تێکبشکێنێ و کەسایەتییان ورد کا و بەم شێوەیە رێگا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات یا پاراستنی دەسەڵاتی خۆی خۆشکا.

* یەکی لە کاراکتەر و تایبەتمەندیی مرووڤی پاوانخواز ئەوەیە کە کەسانی ژێردەست یاخود نەیار و بەرهەڵستکارانی خۆی تووشی عەزابی ویژدان بکا ، بۆ ئەم کارە ئەوان بەدایم دەخاتە ژێر چاوەدێرییەکی ئێجگار وردەوە . بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕوانی دەکا تا نەیارانی چووکترین هەڵە بکەن ، ئەوکاتە لۆمەوتانە و سەرکۆنە و رەخنەی بێ وچان دەستپێدەکا. پاوانخواز پسپۆڕیی ئەوەیە کە لە کایەک کێویک درۆستبکا. پاوانخواز لەم دەرفەتانە بەباشی بە قازانجی خۆی کەڵک وەردەگرێ و ئەوەندەی لەسەر دەڕوا کە بۆ یاران و نەیاران و کۆمەڵیش دەبێتە کارەساتێکی گەورە بەشیوەیەک کە وزەی بەربەرەکانی لە هەموان دەبڕێ. بەرهەڵستکاران دەخاتە بارودۆخێکی ئەوەندە نالەبار کە لەباتی ئەوەی بەرگری لە بۆچونەکانی خۆیان بکەن و بەرهەڵستکاری پاوانخواز ببنەوە، وا چەواشە دەبن و داوای ئەوە دەکەن کە پاوانخواز لە هەڵەکانیان خۆش بێ و تەنانەت خۆشیان دەکەونە رەخنەگرتن و سەرکۆنەی خۆیان و بەتەواویی دەچنە ژێرباری دەسەڵاتی پاوانخوازەوە .

* پاوانخواز هاوڕێ و یارانی بە کەرامەت و بەرابەری ناوێ ، لەبەرابەر ژێردەستانی خۆی زۆر بێرەحم و دڵرەقە ، برینی کۆن هەرگیز برین پێچ ناکا و هەر بەناسۆری رایدەگری. پاوانخواز دڵرەقە ، هیچ تێگەیشتنێکی نییە بۆ خەم وپەژارە و خواست و داخوازی یاران و نەیاران و کۆمەڵ. ئەوی بۆ ئەو گرینگە، بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەتی و بەس.

* پاوانخواز ویژدانێکی خەوتووی هەیە ، دەتوانی هاوڕێکان و دۆستانی بۆ مانەوی خۆی لەدەسەڵاتدا بێ هیچ ئەما وئەگەرێک فیدا بکا. پاوانخواز هەڵەکانی خۆی دەگەڵ یارانی بەش دەکا و بەجۆریک رەخنە دەگرێ کە بەشی هەرە کەمی وەبەر خۆی بکەوی و زۆریش تاوانبار دەرنەچێ. پاوانخواز هیچ ئیدەئالێکی نییە بەس بەرژەوەندی خۆی مەبەستە ، دەتوانێ بە ئاسانی درۆ بکا و هەموو شتێک بۆ بەرژەوەندی خۆی فیدابکا.

* پاوانخواز لایەنگری دیسیپلین و سیستەمی هیرارشی فەرماندەر و فەرمانبەرە بە تایبەت لە ناو رێکخراوەی سیاسیدا. بۆ ئەم مەبەستە لەپرۆسەیەکدا مورید و دەست و پێوەندی خۆی لە ناو کەسانێک کە کوێرانە هەمو دەستوراتی ئەو بەبێ پرسیارکردن بەڕێوە دەبەن ، هەڵدەبژێری. لەپرۆسەیەکی دیاریکراودا کۆمەڵ دەگەڵ ئەم سیستمە رادێن و کەسایەتی تاک نامێنی . تاک ئەوە دەسەلمێنێ کە پێویست ناکا سەری خۆی بەبیرکردنەوە لە سەر گیروگرفتەکان و کێشەکان قاڵکا، بڵکو دەبێ تەنیا و تەنیا بریاری سەروک بەڕێوەبەرن و تەنانەت زۆر سۆپاسگوزاری پاوانخوازیش بێت کە ئەم ئەرکە قورسە واتە بیرکردنەوە لەجیات ئەوان بەئەستۆدەگرێ. لە وها کۆمەڵگایەکدا ئەوە پاوانخوازە کە ئافەرین و میداڵ، زیندان ، لێبووردن، پلاندانانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاری دەکا. لەپرۆسەیەکی ئاوادا پاوانخواز کەم کەم والەخۆیدەردەچێ کە بەراستی بەوە ئیمان دێنێ کە ئەو سەرۆکە و لەهەموکەس عاقڵترە بەشیوەێک کە رێکخراوەکە ، یا کۆمەڵگا بە بێ بوونی ئەو ناتوانن خۆیان ئیدارەبکەن. لەبەر ئەوە پاوانخواز هەموکەس بەقەرزداری خۆی دەزانێ و چوکترین رەخنە و ئامۆژگاریی وەکوو سووکایەتی بە کەرامەتی دادەنێ و بەتوندی خاوەنی سەزا ی ئەم کەسە یا کەسانە دەدا.

دیارە پاوانخوازی لەهەموو جیهاندا بەدی دکرێ، بەڵام لەوڵاتانی ئازاد و دیموکرات ئامراز و کەرەسەی بەرگری کردن هەیە. لەم وڵاتانە یاسا ، گۆڤار و رۆژنامەی ئازاد ی سەربەخۆ، هەڵبژاردەن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتداران، وشیاری تاک و کۆمەڵگا و بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەندامانی کۆمەڵگا لە کاروباری دەوڵەت، وادەکا کە مەیدانی مانۆڕ و هەڵس وکەوتی پاوانخواز ئێجگار بەرتەسک دەبێتەوە. لەوڵاتانی داخراو و پاشکەوتوو هیچکام لەم ئامرازانە نییە کە رێگری پلانەکانی پاونخواز بێ. جۆرج ئۆرەوەل لە پەرتووکی قەڵای حەیواناتدا زۆر بەباشی ئەم پرۆسەیە دەخاتە بەرچاو. ئەم پەرتووکە لەسالی ١٩٤٦ نووسراوە ، نووسەر پرۆسەی زاڵبونی ستالین و قەڵاچوکردنی زۆربەی رابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبر شی دەکاتەوە. ئۆرەوەل بە وردی باس لە دامەزرانی ستالینیزم دەکا و نیشان دەدا کە چۆن پاوانخوازی ستالین سەردەکەوێ و چۆن ئامانجەکانی شۆڕش بە دەستووری ستالین و بۆ بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕێ، هەروەها چۆن لەبەر چاو و هەمو گەل و پارتی کۆمونیستەوە دەیان لە رابەرانی شۆڕش لەناودەبا و چۆن بەسەر مێشک و شعووری کۆمەڵگادا زاڵ دەبێ .

ستالین نەیاران دەکوژێ ، یارانی دەکاتە نۆکەرو بەردەی خۆی . ئێمەی کورد بەتایبەت رۆشنبیری کورد هەمو ئەم فاکتە تاقیکراوانەی لەبەردەستە، کەچی دەقاودەق ئەم رێگا تاقیکراوەیە هەمیسان تاقی دەکاتەوە بێ ئەوەی دەرسی لێ وەرگرتبێ. بەداخەوە ئەم ڕاستییە هەیە کە کورد وەکوو نەتەوە بیر (هۆش و حافزە)ی مێژووی هەر نییە، زۆرشت وەبیرخۆی ناهێنێتەوە، پرسینەوە نازانی، روداوی سالێک لەمەوبەری لەبیر نامێنی، لەبەر ئەوەشە کە پاوانخواز بەهاسانی کڵاومان لەسەر دادەنێن ، درۆ دەکەن ، حاشا لە ئاکاری نارەوای خۆیان دەکەن و هەر وەکوو جاریجاران رهبەر و سەرۆک دەمێننەوە.

ئەوەش زۆرسەیر نییە، چون ئێمە لە وڵاتێکی داگیرکراودا دەژین کە داگیرکەر هەڵسوکەوتی ئاغا و نۆکەری کردۆتە سیستمی دەسەڵاتی خۆی ، دیارە رابەرانی ئێمەش گۆجی دەستی ئەم سیستەمن و گەلیش ئاڵترناتیو یاخود سیستەمێکی دیکە بەدی ناکا کە پەنای بۆبەرێ.

پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ کورد لەم بازنە شوومە رزگاریی بێ ؟ بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتووە کە رۆشنبیری کورد لەسە رئەم بابەتە زیاتر وردبێتەوە و زیاتر بنووسی تا بەلانی کەمەوە جیلی داهاتووی رابەرانی بزوتنەوی ڕزگاریخۆازی کورد بە وشیاریەکی زیاترەوە دەگەڵ ئەم دیاردە ناحەزە کە وەک دۆڵپا سواری کۆلی کۆمەڵگای کوردەواریی بووە، هەڵسوکەوت بکەن .

بانەمەڕی ٢٧١١ی کوردی